Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10329

# هێزی واتای سیمانتیکی بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ

**تریفە عومەر ئەحمەد[١]، ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد[٢]**

١-بەشی وەرگێڕان، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

هێزی واتای سیمانتیکی، ڕۆڵی کارا لە کردەی پەیوەندی و لەیەکگەیشتندا دەبینێت، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هێزی واتای سیمانتیکی بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ)، تیشکدەخاتەسەر هێزی وشە لە گەیاندنی پەیام و بیری قسەکەر/ نووسەر بۆ وەرگر و کاریگەریی خستنەسەر ئەوی تر، لەم توێژینەوەیەدا، هێزی سیمانتیکی وشە، بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ لێکدراوەتەوە، کە پشت بە چەمکی وشە هاوواتاکان بەستراوە و بەهۆیانەوە چەمکی بەهێزی وشەکە لەڕووی واتای سیمانتیکییەوە دیاریکراوە.

توێژینەوەکە جگەلە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکهاتووە، کە گرنگی بە خستنەڕووی تیۆری پرۆتۆتایپ و هێزی واتای وشە لەسەر بنەمای چەقی پرۆتۆتایپ و پلەبەندیی ئەندام و ئەندامی پەراوێزی داوە، بەجۆرێك چەمکی پرۆتۆتایپی لە چەقدا بۆ گەیاندنی بیری قسەکەر/ نووسەر یان کاریگەری دروستکردن بەهێزترە لە ئەندامی پەراوێزی، بەڵام گەر قسەکەر/ نووسەر بخوازێت بیرەکەی بە لێڵی بگات، ئەوا ئەندامی پەڕاوێزی، واتایەکی بەهێزتری لە پرۆتۆتایپی چەق و ئەندامەکانی دیکە دەبێت، توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی درککردن و وەرگرتنی دەقی نووسراو و گوتراو ئەنجامدراوە، سەرجەم نموونەکانیش کە بەکارهێنراون، لە شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون.

***Article Info***

Received: July, 2023

Revised: July, 2023

Accepted: August, 2023

***Keywords***

هێزی واتای سیمانتیکی، پرۆتۆتایپ، خێزانە لێکچووەکان، پلەبەندیی پۆل، درکپێکردن

***Corresponding Author***

**trifa.ahmed@univsul.edu.iq**

**rostam.mohammed@garmian.edu.krd**

**پێشەکی:**

یەکێك لە کەلێنەکانی گەیاندنی پەیام، بەکارهێنانی هێزی واتای وشەکانە، بەجۆرێك قسەکەر/ نووسەر لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی وشەکانەوە، بتوانێت ئەو چەمك و مەبەستە بگەیەنێت، کە دەرخەری نیازی قسەکەر/ نووسەرە، ئەم توێژینەوەیە، بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ جەخت لەو هێزە سیمانتیکییە دەکاتەوە کە لەڕێگەی وشەکانەوە دەگەیەنرێت، مەبەست لە هێزی سیمانتیکی، ئەو کرۆك و مەبەستەیە، کە قسەکەر/ نووسەر خواستێتی بیگەیەنێتە وەرگر، جا بەشێوەی گەیاندنی کتومتی بیری نێرەر بێت، یاخود کاریگەریی خستنەسەر هزرو دەروونی وەرگر بێت، هەروەك وشە هاوواتاکان لە زماندا، هەڵگری خەسڵەت و چەمکی هاوبەشن، بەڵام بەپێی درککردنی مرۆڤ بۆ دونیای دەوروبەری، زمان بەچەمکدەکرێت و بەهۆیەوە خواست و مەبەستی قسەکەر/ نووسەر بە وەرگر دەگەیەنرێت.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، پەیوەست بە هێزی سیمانتیکی وشەوە، ئاوێتەیە بەو نەخشە هزرییەی قسەکەر/ نووسەر لەگەڵ فەرهەنگی زماندا هەیەتی، بەو واتایەی؛ مرۆڤی کورد تاچەند لەڕووی ئەزموونییەوە، کارامەیی و شارەزایی لە فەرهەنگەکەیدا بەدەستهێناوە بەو کارامەییەوە دەتوانێت بیرو کاریگەریی بۆ وەرگر بگوێزێتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی وەها پرسیارێکیش، تیۆری پرۆتۆتایپ کراوەتە پێوەری زانستی.

تیۆری پرۆتۆتایپ، یەکێکە لە تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، گرنگی بە چۆنییەتیی پۆلکردنی شتەکانی دونیا بەپێی درکپێکردنی مرۆڤ دەدات، بەجۆرێك ئێمەی مرۆڤ بەو چەشنەی ئەزموونی دنیا دەکەین، بەو چەشنەش دونیا پۆلێندەکەین،

ئەم پۆلێنبەندییەش لە بەچەمككردنی وشەدا دەبێتە بنەمای تێگەیشتنمان لە شتەکانی دەوروبەر، بەجۆرێك ئەوەی دەبێتە چەق پرۆتۆتایپ تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ شتەکان ئاسانتر دەکات، تا ئەندامێکی پەراوێزی کە سنوری تێگەیشتنەکە بە لێلی و ناڕووتی دەهێڵێتەوە، بۆیە هێزی سیمانتیکی وشەیەك وەك چەق پرۆتۆتایپ بەهێزترە، تا ئەندامێکی پەراوێزی پرۆتۆتایپ.

ئەم توێژینەوەیە، کە بەپێی ڕێبازی درکپێکردن ئەنجامدراوە، دوو بەشی لەخۆگرتووە، بەجۆرێك لە بەشی یەکەمدا گرنگی بە خستنەرووی تیۆری پرۆتۆتایپ دراوەو لە بەشی دووەمیشدا، هێزی سیمانتیکی وشەکان بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ سەلمێنراوە، لە ئەنجامدا بەپێی ئەو نموونانەی خراونەتەڕوو، گریمانەی ئەوە کراوە، کە قسەکەر بە چۆنییەتی بەکارهێنانی کرۆکی فەرهەنگی زمانی کوردی ئاشنانییە، ئەم نائاشنابوونەش پەیوەستە بە درکپێکردن و ئەزموونی قسەکەرەوە.

## ١/١ پۆلکردن بەپێی سیمانتکی درکپێکردن

درککردن cognition کردەی ئاوەزی یان پرۆسەی بەدەستهێنانی کۆزانین و تێگەیشتنە بەهۆی بیرکردنەوەو ئەزموون و هەستەکاننەوە، پەیوەستە بە رووکارە ئاوەزییەکانی کردەی ئاگایی و نائاگاییەوە، هەروەك رووکارە ئەرکی و هزرییەکانی وەک سەرنجدان، پێکهێنانی کۆزانین، یادگەو یادگەی کارکردن، حوکمدان و هەڵسەنگاندن، هەڵهێنجان و چارەسەرکردنی کێشە و بڕیاردان، تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمان دەگرێتەوە، بەمپێیە پرۆسەکانی درکپێکردن Cognitive processes زانیاریی هەبوو بەکاردەهێنن و زانیاری نوێ بەرهەمدەهێنن (Evans, V: 2007: 17) و ( Zohuri, B & McDaniel, P: 2022: 317-334).

زانستی زمانی درکپێکردن Cognitive Linguistics، مۆدێلێک، یاخود ڕوانگەیەکی جیاوازە بۆ زمان، کە بەپێی ئەزموون و تێڕوانینەکانی مرۆڤ بۆ جیهانی دەوروبەری، وێنادەکرێت (عادل محەمەدی: 2023 : 16)، یەکێکیش لەو بوارانەی، تێگەیشتنی مرۆڤ سەبارەت بە جیهان دەخاتەڕوو، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە؛ چۆنییەتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان بەهۆی بەجەستەییکردنی ئەزموونەکانەوە، دەستەبەردەکات، سیمانتکی درکپێکردنە[1]- cognitive semantics، کە لە سالانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەمریکا، لەژێر کاریگەریی ڕوانگەو بۆچوونەکانی لاکۆف Lakoff (١٩٨٧)، جۆنسون Johnson (١٩٨٧) و لانگاکر Langacker (١٩٨٧)، چەشنی بزووتنەوەیەکی نوێ لە سیمانتیکسدا سەریهەڵدا[2]، ئەم ڕێبازە نوێیەی واتاسازی هەوڵدەدات بنەمایەکی ئەزموونی لە واتا، لەڕێگەی بەچەمککردنەوە Conceptualization، نەک پێکەوەدانانی واتای وشەکان، بەدەستبهێنرێت. (محمد راسخ مهند: 1393: 38)،(کورش صفوی: 1383: 397)

بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن، یەکێک لەو بنەما ئاوەزییانەی، هزری ئاخێوەر بۆ تێگەیشتن و ڕێکخستنی زانیارییەکان ئامادەدەکات، بنەمای پولێنبەندی[3]-categorization یە، پسپۆڕانی بواری سایکۆلۆجی درککردن، پێیانوایە مرۆڤ دەتوانێت جیهانی دەوروبەری خۆی و ڕووداوەکانی پۆلێنبکەن، ئەم پۆلێنکردنانەش بەهۆی پرۆسەکانی درکپێکردنەوە لەسەر بنەمای سەرەکیی زمان و بیرکردنەوە ڕوودەدەن. ( Kövecses, Z: 2006: 54)

لە ڕوانگەی سیمانتیکی درکپێکردنەوە، زمان بەشێکی جیانەکراوەیە لە هزری مرۆڤ، لە سالی(١٩٧٠) بەدواوە کۆمەڵێک زماناناس بەتایبەتی لاکۆف، دەستەواژەی سیمانتیکی درکپێکردنیان بەکارهێنا، بە پێچەوانەی سیمانتیکی لۆژیکی Logical semantics، ئەم ڕێبازە بێئەوەی گرنگی بە جیهانی دەرەوە بدات، باس لە جیهانی درکپێکراو دەکات، کە تیایدا ئەزموونەکان لە مێشک و ئاوەزی مرۆڤدا دەنوێنرێت (کورش صفوی: 1379: 13)، لانگاکر زمان وەک بەشێکی سەربەخۆ لە سیستمی درککردن، ڕەتدەکاتەوە و سینتاکس وەک بەشێکی جیانەکراو لە بەشەکانی تری زمان دەزانێت، لاکۆف وەک بەچەمككردن لە واتا دەڕوانێت و بڕوایوایە هەموو چەمکەکان

[1]. جیاواز لە سمانتیکی باو کە تاوتوێکردنی واتای وشە و ڕستەکانە، بەمپێیە لە ڕوانگەی لۆبنێر"Löbner"ەوە واتاناسی بەشێک لە زانستی زمانە، کە لەگەڵ واتادا پێوەندی هەیە، بەلام ئەم پێناسەیە، پێناسەیەکی سەرەتاییە، چەمکی واتا لە چەندین بوارەوە شیدەکرێتەوە و لەنێوان ئەو پێناسانە تەنیا پێناسەیەکە، کە ئاماژە بە واتاناسیی زمانی دەکات (Löbner, S: 2013: 1)، بەگشتی، سیمانتیکس بە واتای ڕوونکردنەوەی وشەو وێنەو پێکهاتەی ڕستەکان دێت، بەشێوەیەکی بەرفراوانیش کار لەسەر تێگەیشتنی مرۆڤ لە دەق دەکات، بەو واتایەی چۆن تێگەیشتن لە خەڵک و تەنانەت بڕیارەکانی قسەکەر لە ئاکامی ڕوونکردنەوەی واتاکانەوە ڕوودەدات، سیمانتیکس لە بەرانبەر پراگماتیکدا-Pragmatics، پەیوەستە بە دەوروبەر - context و بەکارهێنانی زمانەوە (Chapman, S: 2011: 195)، واتە ڕوانگەی واتاناسیی و مەبەستناسی لە بواری تاوتوێکردنی واتاوە، دوو ڕوانگەی جیاوازە، بەجۆرێك واتاناسی لە واتای زمانیی وشەکان و ڕستەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام مەبەستناسی بریتییە لە تاوتوێکردنی واتای ئاخێوەر لە دەوروبەری زمانیدا (Yule, G: 2000: 3-4).

[2]. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە نوێیە، ڕووداوێکی گرنگ ڕوویدا؛ چونکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و لەگەڵ دروستبوونی زمانناسییدا، دروستەکارەکان "structuralist" شیکاری واتایی، خراوەتە پەراوێزەوە بۆئەوەی زمانناسی وەک بوارێکی توێژینەوە بخرێتە لیستی زانستەکانەوە؛ بەڵام دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی واتاناسیی هۆشەکی، زانستی زمانناسی چووە قۆناغێکی نوێ و گەشەیەکی باشی بە خۆیەوە بینی.

[3]. بەپێی تیۆری چەمکی کلاسیک، کە پشت بە لۆژیکی کلاسیکی پارمێنیدس و ئەفلاتون دەبەستێت و زیاتر لەلایەن ئەرستۆوە لە سەدەی چوارەمی (پ.ز) پەرەپێدراوە، بنەمای مۆدێلی پلەبەندییان بەپێی هەردوو مەرجی (ناچاری و بەشکردوو) پێشنیازکردووە، بڕوانە: (Löbner, S: 2002: 175).

وەک چەمکە نوێ وکۆنەکان، هەست و سۆزو لایەنی کۆمەڵایەتی و ...هتد لەخۆدەگرێت. ( Langacker, R.W: 1987: 12)

ئێمەی مرۆڤ هەژموونمان لە پۆلێنکردنی شتەکانی جیهاندا هەیەو دەتوانین بە سەدان شێوە پۆلینبەندی بەشێوەی (بەش وگشت)، بۆ دیاردەکانی دنیا بکەین، جگەلەوە پۆلێنبەندی، دیاردەیەکی نەگۆڕو چەقبەستوو نییە، بەڵکو دەکرێت پۆلینبەندییەکە بەپێی ئەزموونی نوێ بگۆڕێت، تاکو بەهۆیەوە بتوانرێت جیهانی نوێ و ئەزموونی نوێ بخرێتە ڕێزی ئەو پۆلینبەندییەوە، لەلایەکی ترەوە مرۆڤ تەنها دیاردە بەرهەستەکانی جیهان پۆلێنناکات، بەڵکو پۆلێنبەندی بۆ دیاردە دەرهەستەکانیش دەکات، وەك ئەوکات و ساتانەی، باس لە بیرۆکە و بیر و هزر و ترس و ئۆمێدەکان دەکرێت، پۆلینبەندیی زانستیی دەرەزمانیی/ نازمانیی، مرۆڤ دەخاتەژێر کاریگەریی خۆیەوە، توانای ئێمە لە چالاکی کۆمەڵایەتی و پێوەندیگرتن لەگەڵ تاک وکۆمەڵگە و ...هتد، گرێدراوی پۆلینبەندیی کەسانی دیکە و دیاردەکانی ترە، هەروەها پۆلینبەندی لە دەوروبەری زمانیشدا زۆر گرنگە و دەکرێت لە وشەکان، وەک ناوی پۆلینەکان بڕوانین، بۆ نموونە بڕوانە وشەی (دار) لە دەوروبەری جیاوازدا، کە دەبێتەهۆی ئەوەی کۆی ئەو شتانەی لە دنیادا لە ڕیزی (دار) دان، لەژێر ناوی (دار)دا پۆلێنیبکەین، لەلایەکی ترەوە خودی زمانیش لەخۆیدا پۆلینبەندی دەکرێت، سیگناڵە ئاکۆستیکییە جۆراوجۆرەکان وەکو شێوازی جیاوازی ڕستەیەکی زمانی پۆلێندەکرێن و لەڕێگەی دەستەواژەی زمانی جیاوازەوە، لەچەشنی نموونەگەلی پۆلینبەندیی زمانیی وەک ناو، کار، بکەر و بەرکار و ...هتد لە ڕیزێکدا جێدەگرن( Taylor, J. R : 2003: 10-11)، لە سیمانتیکی درکپێکردندا، کە پشت بە سیستمی درککردن و جیهان دەبەستێت و زمان خۆشی بەشێکە لە سیستمی درککردن، مرۆڤ بەپێی دنیابینی و تێگەیشتن و ژینگەو کەلتورەکەی پۆلێنبەندی بۆ شتەکانی دونیا دەکات، کە ئەمەش بەپێچەوانەی مۆدێلی کلاسیکی پۆلکردنی ئەرستۆوەیە، کەلەسەر بنەمای مەرجی ناچاری و بەشکردوو، شتەکانیان پۆلێنکردووە، هەروەك لە خوارەوە ئاماژە بۆ تایبەتمەندییەکانی مۆدێلی باوی پۆلکردن دەدەین:

١. پۆلکردن پشت بە کۆمەڵێك مەرجی ناچاری و تەواو دەبەستێت،

٢. هەر مەرجێك تەواو ناچارییە،

٣. مەرجەکان مەرجی دووپەلکی (بەڵێ و نەخێر)ن،

٤. پۆلکردنەکان سنورێکی جیاکەرەوەی ڕوونوئاشکرایان هەیە،

٥. هەمو ئەندامەکانی پۆلێك، پێگەیەکی یەکسانیان هەیە. (فەرهاد تۆفیق حەسەن: ٢٠١٥: ٤٧).

ئەو کەلێنانەی لەم مۆدێلە باوەوە لە پۆلکردنی شتەکاندا تێبینکرا، وەهایکرد، بانگەشە بۆ تیۆرێکی نوێ بکرێت، کە لەسەر بنەمای درککردن و تێگەیشتن، پۆلێنبەندی بۆ دونیا دەکات، ئەویش تیۆری پرۆتۆتایپە.

## ٢/١ تیۆری پرۆتۆتایپ و بنەماکانی

### ١-٢/١ تیۆری پرۆتۆتایپ

لەم ساڵانەی دواییدا بابەتی پرۆتۆتایپ[4]-prototype سەرنجی واتاناسان و دەروونناسانی بواری درکپێکردن بۆ خۆی ڕاکێشاوە و ئەوانیش ئەم بابەتەیان بۆ پۆلێنبەندیی، یان بۆ بەپۆلێنکردنی دیاردەکان بەکارهێناوە، بەگشتی، پێویستیی پۆلێنکردنی دیاردەکان، زۆرێک لە واتاناسان و دەروونناسەکانی هێنایە دەوری ئەم تیۆرییەوە، چونکە تیۆرییەکانی پێشوو وەڵامدەری پۆلێنکردنی دیاردەکان بەتایبەتی وشەکان نەبوون، هەروەك مۆدێلی باوی پۆلکردن کە لەسەر بنەمای مەرجی پێویستی و بەشکردوو پێکهێنرابوو. (Taylor, J. R: 1995: 21-40)

تیۆری پرۆتۆتایپ، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە سیمانتیکی وشەیی بەتایبەتی بۆ شرۆڤەکردنی(ناو) بەکاردەهێنرێت، هەروەك سیمانتیکی درکپێکردن لەم توێژینەوەیەشدا، کە تایبەتە بە هێزی سیمانتیکی وشە لە زمانی کوردیدا، تیۆری پرۆتۆتایپ دەکەینە بنەمای کاری توێژینەوەییمان.

تیۆری پرۆتۆتایپ، لە سیمانتیکی درکپێکردندا، لەچوارچێوەی بە چەمککردنی وشەدا و بەتایبەت بۆ پۆلێنکردنی چەمکەکان بەکاردەهێنرێت، کە سەرەتا لەلایەن ڕۆش و هاوکارانییەوە بیێشنیازکرا (Evans, V. & Green, M: 2006: 3)، پرۆتۆتایپ نواندنەوەی چەمکی ئاوەزی و تاڕادەیەک ئەبستراکتییە، ئەو تایبەتمەندیانە لەخۆدەگرێت، کە بەشێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتیی وشەیەک دەکەن، بەو واتایەی؛ پرۆتۆتایپ گەڵاڵەیەک لە گرنگترین و چەقترین تایبەتمەندییەکانی وشەیەك دەگرێتەوە (مجد راسخ مهند :90 :1393)، هەروەك لابۆڤ Labov، کە لە ڕاپرسییەکدا بۆ سەلماندنی ئەم تایبەتمەندییە ئەنجامیداوە، وێنەی شتومەکی وەک کوپ و قاپ و گوڵدان و ...هتد پیشانی بەشداربووان داو داوایلێکردن ناوی هەر یەکێکیان بڵێن، بەپێچەوانەی پێناسە کۆن و نەریتییەکان، لە هەندێک باردا، بەشداربووان

[4]. چەمکی پرۆتۆتایپ"Prototype" لە بناغەدا لە وشەی یۆنانی"prototypon"ەوە وەرگیراوە، کە بە واتای فۆرمی بنەڕەتیی دێت، لە بەرمبەریدا لە زمانی کوردیدا بە هەریەک لە زاراوەکانیی (چەشنەنموونەییەکان، نموونەی بنچینەیی، شاوەچە، پێش نموونەیی) وەێردراوە، بڕوانە: (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٨: ب٢: ١٨٩)، (نەریمان حەسەن حەمەکەریم: ٢٠١٥: ١٠٢)، (ڕێبوار ئەحمەد نەبی: ٢٠١٥: ٦٣)، لەم توێژینەوەیەدا وای بەپەسەند دەزانین، لەبەر جیهانیبوونی زاراوەکە، هەمان وشەی پرۆتۆتایپ بەکاربهێنینەوە.

جیاوازییان لەنێوان قاپ و کوپدا نەکردووە، واتە؛ ناوی وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا تێکەڵکراوە، بۆ نموونە قاپێک کە قاوەیەکی گەرمی تێدایە، وەک کوپ ناویانبردووە (Labov, W: 1973: 24)، لەم تاقیکردنەوە سادەیەدا، وەك تایلۆر Taylor ئاماژەی-بۆکردووە، ئەو ئەنجامە بەدەستهاتووە، کە وشەکان بەپێی تایبەتمەندییەکانیان پۆلێندەکرێن ( Taylor, J. R: 1995: 228)، لێرەوە جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە سایکۆلۆجی درککردن لە تێگەیشتن لە جیهان لەڕێگەی سایکۆلۆجی پۆلێنکردنەوە لە دارشتن و تاقیکردنەوەی مۆدێلەکانی تیۆری چەمک و پۆلێنکردن سەرکەوتووبووە، بەمەش تیۆری پرۆتۆتایپ لە چوارچێوەی سایکۆلۆجی درکپێکردندا گەشەیسەند.

لە درکپێکردنی زماندا بەرجستەی ئەو بیرۆکەیە کرا، کە ئەگەر مرۆڤ تەنها بەپێی بنەمای سایکۆلۆجی، پۆلێنی شتەکان بکات، وەك سمس ئاماژەی-بۆکردووە، ئەوا تەنها ئەو شتانە لە ریزێکدا پۆلێندەکات، کە پێیوایە وەکیەکن، لەکاتێکدا ڕەنگە چەمکێك بەپێی نواندنە ئاوەزییەکەی بە واتای چەند شتێك بێت، کە هاوتایە لەگەڵ پۆلەکە، هەروەها بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەشێك لە زانیاری کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ پۆلێنکردن و تێگەیشتن لە مەودای شتەکان، ڕووداوەکان، یان پرۆسەکان، بەمپێیە دەگونجێت ئەندامی پۆلێك هەڵگری سەرجەم تایبەتمەندییەکانی ئەو پۆلە نەبێت، هەروەك کرۆفت Croft پێیوایە (هەموو ئەندامانی سەر بە یەک وشە کتومت وەکیەک، لەگەڵیەکدا مامەڵە و ڕەفتارناکەن، بەڵکو ئاخێوەران بەپێی هەستی زمانیان لە باشترین نموونەی هەر وشەیەک تێدەگەن) (Croft, W: 1990: 20-50)، هەروەها کرۆفت لەڕێگەی باشترین نموونەوە goodness of exemplar کاریگەری کەلتووری لەسەر ئەم تیۆرییە دانا، بەمپیە دەکرێت باشترین نموونەی هەمان پۆل بەپێی کەلتورێك شتێك و بەپێی کەلتورێکی دیکە شتێکی تر بێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئینگلتەرا تەنها پێنج کەس لە سێ کەس خورما لە پۆلی میوە دادەنێن، بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئوردن هەموو ئاخێوەران دەزانن خورما چییە و لە ڕێزی میوەدا دایدەنێن، بەمپێیە ئەم تیۆرییە بنەمایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر، ئەمەش وەهادەکات بانگەشە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت، گەر مرۆڤ ئەم توانا ئاوەزییەی نەبوایە، ئەوا لە ژینگەیەکی پەرش و سەرلێشێواو دەبوو، بەڵام مرۆڤ لەڕێگەی پرۆتۆتایپەوە زانیارییەکانی سەبارەت بە جیهان ڕێکدەخات و پۆلێیندەکات، وەهایلێدەکات بتوانێت لە دیاردەکان تێبگات، بەمەش تیۆری پرۆتۆتایپ لە یەککاتدا گورزێک بوو، کە لە هەردوو تیۆری کلاسیک و پێکهاتەیی. چۆمسکی دا، کەواتە تیۆری پرۆتۆتایپ رۆش Rosch وتەنی لە سایکۆلۆجی درکپێکردنەوە سەرچاوەیگرتووە، کە بەهۆی خاوەنداریتی خەسڵەتە تایبەتەکانەوە بڕیار لەسەر ئەندامێتی لە پۆلێکدا دەدرێت، بەڵام بۆ بوون بە ئەندامێتی پۆلێك پێویستی بە خاوەندارێتی هەموو خەسڵەتەکان نییە، تەنها ئەوەندەیە، کە قوماشی چەمکەکە بەیەکەوە گرێبدرێت، هەروەک چۆن ویتگنشتاین Wittgenstein پێیوابوو، بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ دەوروبەر واتای وشەیەک لەنێو پۆلەکەدا دیاریدەکات، یاخود پەیوەستە بەوەی چ مەرجێک لە ساتێکی دیاریکراودا لە شوێنی خۆیدا رۆڵی لە پێناسەکردن و دیاریکردنی چەمکەکەدا هەیە(دیریك جیرارتس، 2013، 271)، بۆیە خەسڵەتەکانی چەمکێک بەڕێککەوتن، نەک جەوهەری، بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆ نموونە ڕەنگە ئەندامەکە خاوەنی هەموو خەسڵەتە تایبەتەکانی پۆلەکە بێت، یان خاوەنی هەندێک بێت، بەڵام خاوەنی هەموو خەسڵەتەکان نەبێت، کەچی هێشتا ئەندامێتی لە گروپەکەدا دەهێڵێتەوە، لێرەدا پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، ئەو پرسیارە چێدەبێت، کە هێزی سیمانتیکی وشەکان بەپێی پرۆتۆتایپ چۆن بڕیاری لەسەر دەدرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بنەماکانی تیۆری پرۆتۆتایپ بخەینەڕوو.

### ٢/١-٢ تایبەتمەندییەکانی تیۆری پرۆتۆتایپ

لەڕاستیدا زانستی زمانی درککردن، تا ئێستاش بە تیۆری پرۆتۆتایپەوە چەسپاوە، چونکە نزیکەی هەموو خوێندکارانی ئەم بوارە وەک یەکێک لە سێ بنەما بنەڕەتییەکانی زانستی زمانی درککردن، بە سکێما و پۆلەکانی ئاستی بنەڕەتی دادەنێن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو تایبەتمەندییانە دەگەڕێنەوە، کە پەیوەستن بە تیۆری پرۆتۆتایپەوە.

جیرارتس Geeraerts، لە بەچەمککردنی وشەکانی زماندا بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ، چەند بنەمایەکیان جیاکردووەتەوە، کە پێکەوە کۆی تیۆرییەکە دەناسێنن، هەروەك: أ. پلەبەندیی ئەندامی پرۆتۆتایپ، ب. چەقی پرۆتۆتایپ، پ. ئەندامی پەراوێزی، ت. خێزانە لەیەکچووەکان( Geeraerts, D: 1997: 35)، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

أ. پۆلبەندییە پرۆتۆتایپییەکان، وشە بەپێی ئەم تیۆرە بەهۆی مەرجی پێویستی و ناچارییەوە پێناسەناکرێت، هەروەك لە مۆدێلی پۆلبەندیی باودا، پێوەری پۆلێنکردنەکە بووە، واتە وشەکانی زمان بەتایبەت پۆلی ناوەکان، بەهۆی لیستێك لە مەرجی ناچارییەوە نابنە ئەندامی پۆلێك، بەڵکو پتر بەهۆی بنەما و پرۆسەو درککردنی سایکۆلۆجییەوە، کە بە پرۆتۆتایپ ناودەبرێت دەبنە ئەندامی پۆلەکە، پەیوەست بەمە گیڤن Givón بڕوایوایە، کە سەرەتا وشەیەک، بەپێی ئاوەزمەندێتی و ئەزموونی قسەکەران لە شوێنی سەرەکیدا دەردەکەوێت، وشەیەکیش هەیە، کە زیاتر لە ئەندامی سەرەکی دەچێت، بەو واتایەی؛ مرۆڤ لە پۆلکردنی شتەکاندا، ئەزموونە

جەستەییەکانی پێوەرن بۆ بەچەقکردنی درکپێکردنی شتەکە، بەمەش ئەندامی پرۆتۆتایپی وشەکە دیاریدەکرێت( Givón, T: 12 :1995)، لێرەدا با بڕوانینە چەمکی وشەی (ژن) گەر بەپێی مەرجی ناچاری بێت، ئەوا پێویستە وەك ئەندامی (مێیەك کە شویکردووە) جیابکرێتەوە، لەکاتێکدا گەر بەپێی دونیابینیی مرۆڤی کورد، چەمکی پرۆتۆتایپی (ژن) دیاریبکرێت، مەرج نییە (شوکردوو بێت)، بەڵکو ڕەنگە لایەنی هێزی کەسێتیی مێینە دەربخات.

ب. پۆلە پرۆتۆتایپییەکان پلەی ئەندامێتیی پۆلەکان پیشاندەدەن؛ بەجۆرێك کە هەموو ئەندامێک بە یەکسانی نوێنەری پۆلێک نییە، ڕۆڵی پرۆتۆتایپ لەڕووی واتاییەوە ئەوەیە، کە وشەکان خاوەن واتایەکی سەرەکیی و ناوەندین، لێرەوە ئەندامی وشەیەکی ڕێزمانی، مەرج نییە خاوەن تایبەتمەندییەکی یەکسان بن، بۆ نموونە هەموو ناوەکان بە ئاسانی ناتوانن لە دۆخی خاوەندارێتیدا دەربکەون و هەموو کارەکان مەرج نییە لە پێکهاتەی نادیاری ڕستەدا بەکاربهێنرێن، کەواتە هەموو ناو، یان هەموو کردارەکان، بە یەکسانی نوێنەری پۆلی ڕێزمان ناکەن، یاخود فۆنێمی هەر زمانێک بەپێی پرۆتۆتایپیان پۆلێنبەنددەکرێت، لەڕوانگەی تایلوردا، هەر ئاخێوەرێک بەشێوەیەکی تایبەت، فۆنیمەکانی زمان بێژە دەکات و دەنگەکانی بەرهەمدەهێنێت، بۆ نموونە /t/ لە زمانی ئینگلیزیدا چەندین ئەلۆفۆنی هەیە، بە وتەیەکی دیکە؛ مەرج نییە هەموو ئاخێوەران یەک شێوازی بەرهەمهێنانیان هەبێت، تەنانەت هەندێکیان توانای جیاوازیی نێوان ئەم فۆنێمانەشیان نییە، بەڵام هەموو ئاخێوەران فۆنێمێکی پرۆتۆتایپییان لە مێشکیاندا هەڵگرتووە و پۆلەکانی دیکەش بەپێی لێکچوونیان لەگەڵ ئەو فۆنێمەدا لێکدەدرێتەوەو پۆلێندەکرێن( Taylor, J. R : 1995: 2.

پ. پۆلە پرۆتۆتایپییەکان، خێزانی دروستە لێکچووەکان دەخەنەڕوو، ویتگنشتاین (١٩٥٣) لە پۆلکردنی شتەکاندا ئاماژەی بە ڕۆڵی خێزانە لێکچووەکان داوە، پێیوایە خێزانە لێکچووەکان خەسڵەتی هاوبەشێتی تێدا نییە، بەڵکو چەشنی تاڵی قوماشێکە، بەمپێیە ئەگەر مرۆڤ بخوازێت لە ئاماژەبۆکراوەکانی وشەیەك تێبگات، ئەوا پێویستە بە ئیلیمێنتێکی هاوبەش ناکات، بەڵکو پەیوەندیی خێزانە لەیەکچووەکان دەتوانن ببنە بنەمایەك بۆ ئاماژەبۆکراوەکانیان، کۆڤێس Kövecses وشەکانی بەپێی بنەمای چەمکی پرۆتۆتایپی خێزانە لێکچووەکان، بەراوردکردووە و پێیوایە، پێویستە وشەکان بە شیکارییەکی گونجاو پێناسەبکرێن و پشکنینیان بۆ بکرێت، بۆئەوەی ئەندامانی سەرەکیی هەر کۆمەڵە وشەیەک دەستنیشانبکرێن، ناکرێت تەنیا بەپێی لێکچوونی ڕواڵەتی وشەکان، سەبارەت بە پۆلێنبەندییەکانیان بڕیاربدرێت (Kövecses, Z: 2006: 79)، بەمپێیە کۆمەڵە واتایەك، کە سترۆتاییین بۆ خێزانە لێکچووەکان، ئەو ڕاستییە دەگرێتەوە، کە هەموو واتاکان بەشێوەیەکی دروستەیی هاوتای گرنگ نین.

ت. ئەندامە پرۆتۆتایپییەکان، لە لێوارەکاندا کاڵدەبنەوەو بە ئەندامی پەراوێزی دەناسرێن، پرۆتۆتایپەکان بەرچاوترین ئەندامانی هەر پۆلێکن کە لە ئەندامەکانی دیکە زەقتر و سەرەکیترن، ئەندامەکانی دیکەش تارادەیەک تایبەتمەندیی پرۆتۆتایپی نیشاندەدەن، بەڵام بەشێوەی سەرەکی و ناوەندی هەژمارناکرێن، بەڵکو ئەندامی پەراوێزین (Givón, T : 1987: 12)، بۆ نموونە با بڕوانینە چەند جۆرێکی میوە، کە لەلایەن ڕۆش و مێرڤیسەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، هەروەك (پرتەقاڵ، سێو، مۆز، ئەناناس، شوتی، هەنار، گوێزهند، زەیتوون)، بەجۆرێك بۆ ئەمریکاییەک پرتەقاڵ و سێو و مۆز ئاساییترین میوەکانی دنیان و چەقی پرۆتۆتاییین، لەکاتێکدا ئەناناس و شووتی و هەنار لە بواری ئەو تایبەتمەندییانەوە پێگەیەکی نزمتریان هەیە، بەپێی پلەبەندیی پرۆتۆتایپی میوە دیاریدەکرێن، دواتریش دەکرێت بپرسین ئایە گوێزهێند و زەیتوون میوەن؟ کە دەکرێت گوێزهند وەك ئەندامی پەراوێزی جیابکرێتەوە، بەمەش دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە سنوری پرۆتۆتایپەکان لێڵ و نارونن (Rosch, E & Mervis, Carolyn B: 1975: 1).

گەر لەسەر ئەم چوار تایبەتمەندییە، لە چەمکی وشەکانی زمان بڕوانین، ئەوا پەیوەست بە ئاوەزمەندی و دنیابینی و ئەزموونی ئاخێوەرەوە، دەشێت چەمکێك ببێتە ئەندامی چەقی پرۆتۆتایپەکەو چەمکێکی دیکە ببێتە ئەندامی پەراوێزی بۆ یەکێکی دیکە پێچەوانە ببێتەوە، هەروەها کەلتووریش ڕۆڵی سەرەکی لەم وەرگرتنە پرۆتۆتاییپەدا دەبینێت، لە تیۆریی هۆشەکیدا، ڕێزمان لە سروشتی خۆیدا، واتادارە و ئەم واتاداربوونە ئاماژە بە توانستی یەکەکانی زمان دەکات، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی سادە، یان ئاڵۆز بێت، یاخود لە ڕستەیەکدا دەربکەوێت. واتا لەم ڕوانگەیەدا هاوتای بەچەمککردن پێناسەدەکرێت، لێرەدا دەکرێت بڵێین، کە (واتا) نەک هەر ڕەنگدانەوەی دۆخێکی تایبەت و دیاریکراوە، بەڵکو نیشاندەری ئەو شێوازە وەسفییە جیاوازانەیە، کە ئاخێوەر بۆ ئەو چەمکە هەڵیدەبژێرێت (Hemavand, Z : 2011: 26)، بۆیە لێکدانەوە ئاماژەیە بە توانای ئاخێوەر بۆ چەمککردنی بارودۆخێکی تایبەت، یان ئاماژەیە بە ئەزموونێک، کە بە زمانی جیاواز دەردەکەوێت و بەپێی پێکهێنە زمانییەکان لە گوتاردا دەستنیشاندەکرێت، یەکێک لە ڕەهەندەکانی بەچەمککردن، ڕوانگەی ئاخێوەرە بۆ وەسفکردنی دۆخ، یان پرۆتۆتایپی وشەکانە، ڕەنگە دوو وشە لە ڕووی چەمکییەوە وەکیەکبن؛ بەڵام بەپێی ڕوانگەی ئاخێوەران، پرۆتۆتایپ و

بەکارهێنانی هەر دوو وشەکە لەگەڵ یەک جیاواز بێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەریەکەیان بە ناچاری، بەشێوەی جیاواز دەنووێنرێتەوە، بۆ نموونە ئەم دوو وشەیە Emigrate/Immigrate لە زمانی ئینگلیزیدا سەرەڕای لێکچوونی واتایی، لەرووی بەکارهێنانەوە لە یەکتر جیاوازن (هەمان سەرچاوەی پێشوو:49).

## ٢/٢ هێزی واتای سیمانتیکی وشە بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ

لە وەچەپاری پێشوودا باس لەوە کرا، کە یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان زماناسان و ئەوانەی لە ڕوانگەی نەریتییەوە سەیری پۆلێنبەندیی دەکەن، پشتبە سروشتی وردی پۆلێنە واتاییەکان دەبەستن، بەجۆرێك بەپێی ڕوانگەی نەریتی هەر پۆلێک وەک دەفرێک وایە، ئەو ئەندامانەی، دەیانەوێت لەناو ئەم دەفرەدا دابنرێن، دەبێت هەندێک پێوەر و تایبەتمەندییان هەبێت و ئەگەر ئەندامێک مەرجی پێویست و بەس Necessary and Sufficient ی نەبێت، ناتوانرێت لەناو ئەو دەفرەدا دابنرێت، بەڵام لە ڕوانگەی پرۆتۆتایپەوە دژی هەبوونی مەرجی پێویست و بەسە، هەر بۆیە ڕۆش لێکچوونەکانی خێزان وەک پێوەرێک بۆ ئەندامێتی لە پۆلەکاندا دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە پۆلی باڵندەدا لە ڕوانگەی باوەوە، توانای فڕین بۆ باڵندە نە مەرجێکی پێویستە و نە مەرجێکی بەسە، هەندێک باڵندە ناتوانن بفڕن و هەندێکیش هەن کە دەفڕن بەڵام باڵندە نین، لێرەدا لە ڕوانگەی تیۆری پرۆتۆتایپەوە، هەبوونی پەڕ، باڵ، دوو قاچ و توانای فڕین تایبەتمەندی ناسنامەی باڵندەیە، کە دژی پێناسە کۆنەکانە ((Auwera, J. V. D & Gast, V : 2011: 112).

ویتگنشتاین بەپێی لێکچوونی خێزانی، ئاماژە بە پۆلێنبەندیی دەکات و پێیوایە بە سەیرکردنی وێنەی خێزان و بنەماڵەیەک، دەبینیت هەندێکیان لووتیان هاوشێوەیە، بەڵام هەندێکیان یەک چاویان وەکیەکە و هەندێکی دیکەشیان چەناگەیان لەیەکدەچێت، بەڵام ناتوانرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت هەموو ئەندامانی خێزانەکە بە تەواوی لەیەکبچن و هاوشێوەبن (Wittgenstein, L : 1958: 33)، کەواتە مەرجی چوونە ناو پۆلێک، لێکچوونی تەواو نییە و ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەموو شتەکان تایبەتمەندییەکی تەواو هاوبەشیان هەبێت (Rosch, E : 1977: 4)، ئەمەش نەك دەبێتە پێوەر بۆ بە پەلەبەندی ئەندامی پۆلێك بەڵکو ڕۆڵی لە پرۆتۆتایپی چەمکی وشەشدا هەیە، بەجۆرێك ئەم پلەبەندی ئەندامییە لە چەقەوە بۆ پەراوێزی و دیاریکردنی پرۆتۆتایپی لێکچوونی خێزانی نەك هاوبەشێتی خەسڵەتە واتاییەکان، هێزی واتای سیمانتیکی وشەکە دەخاتەڕوو.

## ١-٢/٢ هێزی واتای سیمانتیکی وشە بەپێی چەق پرۆتۆتایپ

چەق پرۆتۆتایپ، پەیوەست بە کۆی چەمکی وشەیەکەوەو لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، بەو چەمکە دیاریدەکەین، کە پەیوەستەگی و گرنگی بۆ قسەکەر/ نووسەر زیاترە، لەمەشدا بۆچوونی دیرڤێن Dirven و ڤێرسپور Verspoor دەکەینە پێوەر، کە سێ شێواز بۆ چەقترین و زەقترین چەمک لەنێوان وشە جۆراوجۆرەکاندا دەستنیشاندەکات:

١. سەرەتا پێویستە بزانرێت چ چەمکێک زووتر لە ئەندامانی دیکەی ئەو وشەیە لە کاتی بیستندا دێتە مێشکی ئاخێوەرەوە.

٢. ڕێژەی کام چەمک لەرووی ئامارییەوە بۆ بەکارهێنانی زۆرترە.

٣. کام چەمک توانای بەرزتری هەیە، واتە پاساوێکی باشتری بۆ چەمکەکانی دیکە هەیە( Dirven, R & Verspoor, M : 2004: 3).

لانگاکر برۆایوایە، زۆرجار وشەکان بەپێی مەوداکەیان بە پرۆتۆتایپ پێناسەدەکرێن و ئاخێوەرانی هەر زمانێک بەپێی ئەزموون و زانیاریی خۆیان ئەم مەودا، یان نزیکییە دەستنیشاندەکەن، بە وتەیەکی دیکە؛ لانگاکر خاڵە ناوەندییەکان لە دیاریکردنی پێگەی سەرەکیترین وشە لەبەرچاودەگرێت (Langacker, R.W: 1987: 14-17).

لەم توێژینەوەیەدا و پەیوەست بەو سێ خاڵەی پێشتر خرانەڕوو، بۆگەیشتن بە ئەنجامی دیاریکردنی پرۆتۆتایپی چەمکی (ژن، ئافرەت، کچ، کیژ)، پشت بەو دەقانە دەبەستین، کە ئەم وشانەی تێدا بەکارهاتوون، بۆ ئەمەش پێویستە چەند دەقێك بکەینە بنەمای لێکدانەوەکە:

١أ. کۆمەڵگەی کوردستان، وەك هەریەکێك لە کۆمەڵگەکانی تر، لەرۆژهەڵاتی ناویندا، سەبارەت بەپرسی ژن، دەکەوێتە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی کە ژن تێیدا لە ئەمن و ئاسایشدا نییە. ژنبوون و دونیای ژن بەڕادەیەکی زۆر کورتکراوەتەوە بۆ جەستەی و ناموسی خێزان و پیاوی پێوە گرێدراوە. کەمترین ژن لە کاردان و کەمترین ژن بڕیاردەرن؛ چ لە خێزان چ لە ناو کۆمەڵگە، چ لە سیاسەتیشداو چ لە شوێنی کارو...هتد( https://www.awene.com/article?no=222&author=141).(بەهار مونزیر، ژن کێییە؟)

سەرەتا بەپێی خەسڵەتە واتاییەکانی چەمکی (ژن) و پەیوەست بە فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، هەڵگری خەسڵەتی واتایی [+مرۆڤ، +مێ، + هەراش]، بەڵام لە دەقی (١)دا، فۆرمە وشەی (ژن)، کە (٥) جار بەکارهێنراوە، لەو واتا فەرهەنگییە دەردەچێت، کە تەنها هەڵگری ئەو خەسڵەتە واتاییانە بێت، بەڵکو بەپێی پرۆتۆتایپی وشەکە، ژنگەو دەوروبەرو پێشینەی

کـۆزانینی نووســەر، دەبـنە کۆتوبەنـدی واتـای وشـەکە، هەر ئەمەشە وادەکات نووسەر چەمکی (ژن) لە جیهانی راستەقینەدا بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژن ببەستێتەوە، بۆیە لای نووسەر چەق پرۆتۆتایپی چەمکی ژن بریتییە لە "چەوساوە".

**ب. ژن، ژیان، ئازادی**

یەکێکە لە دروشـمە دیارەکانی رەوتی بزوتنەوەی فمێنیسـتی لە کوردستان، ئەم دروشمە لەو ئاوەزمەندی و دونیابینیەی رەوتی مێینەی کوردەوە سەریهەڵداوە، کە پیاو مرۆڤێکی چەوسێنەرو لەبەرامبەردا (مێ) مرۆڤێکی چەوساوەیە، بۆیە لە دروشمەکەدا جەخت لە ژیان و ئازادی بۆ مرۆڤێکی چەوساوە دەکرێت، کە ژنە، ئەمەش وەهـایکردووە لە کۆنەسـتی رەوتی فێمنیسـتیدا چەمـکی پرۆتۆتـایپی ژن مـرۆڤێکی چەوسـاوە بێـت، لەم روانگەیەشـەوە گەر بـڕوانینە ناونـانی (رۆژی جیهـانیی ژنـان) بە دیوێك هەمان شـێکاری بۆ هۆکاری ناونانەکە دەبینرێتەوە، بە دیـوەکەی دیکەشـدا بـۆ هـێزی کەسـێتیی ژن دەگەڕێتەوە، ئەم دیوەشـیان خوێنـدنەوەیەکی بەهێزتـر هەمـبەر بە دیـوەکەی پێشـوو هەڵـدەگرێت وەك لە شـێکاری نمـوونەی (١پ)دا خراوەتەڕوو.

**پ. ژنـانی کـورد پێداگری دەکەن و دەڵێن هەق دەسـەندرێ(نـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــادرێ[https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=162310&babet=15&relat=7512](https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=162310&babet=15&relat=7512))**

لەم ناونیشــانەدا، بەپـێی مـۆرکی حــزبی سـیاسی هەرێـمی کوردستان، کە ژن تایبەتە بە ناونانی مێیینەی سەربە یەکێتیی نیشــتیمانیی کوردســتان، چەق پرۆتۆتــایپی وشــەی ژن لەم ناونیشــانەدا پیشــاندانی لایەنگــرانی یەکێتــیی نیشــتیمانی کوردسـتانە، بـۆیە پرۆتۆتـایپی وشـەکە لە "هـێزی کەسـێتێدا" چڕدەبێتەوە.

هەر سـەبارەت بەم خـاڵە، ناونـانی رۆژی جیهـانیی مێیـنە، پەیوەســت بە حــزبە کوردییەکــانەوە، بە (رۆژی جیهــانیی ئافرەتـان)، (رۆژی جیهـانیی ژنـان)، نـاونراوە، کە هەریەك لەم ناونانە بۆ لایەنگرانی حزبەکان بە چەمکە پرۆتۆتاییپیەکەیەوە بەکاردەهێنرێت.

**ت. پیاو ئەیەوێ ژنەکەی دەسـتڕەنگین بێـت.** (وتـارێکی ئـازاد جەلال).

لێرەدا چەمکی چەق پرۆتۆتایپی وشەی (ژن)، تەنها لە چەمکی [شــوکردوو]دا، چڕنــاکرێتەوە، بەڵکــو چەق پرۆتۆتــایپەکە "خاوەنــدارێتی"یە، کە دەکرێــت بەگشــتی ئەم چەمــکە بە دونیابینیی پیاوەوە ببەسترێتەوە.

**ج. ژن هەیەو ژانیش هەیە.**

لە دەق پەنـدی (ج)دا، چەق پرۆتۆتایپی چەمکی (ژن)، هەمـوو ئەو خەسڵەتە ئەرێنیانەن، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا کەسێتیی مێینەیەکی سـەرکەوتووی پێدەناسرێتەوە، هەروەك (مەردێتی، پشتبەســتوو بەخــۆی، گورجوگــۆڵ، لەخــۆبردوو، ناســك، قەشـەنگ، ژیـر، لێهـاتوو، خـاوێن)، بـۆیە کاتێك کە دەوترێـت (بەراســتی ژنە.)، ئەوا بەگشــتی چەق پرۆتۆتــاییپیەکەی لە ئاوەزمەندێتیی کورددا مێینەیەکی سەرکەوتووە.

٢.أ. فیکـر کـاریگەرییەکی راسـتەوخۆی لەسـەر زمـان هەیە، دەبینین چۆن ئافرەت بە (زەعیفە، شەرەفی پیاو، لاواز و بێهێز دادەنرێت. دواتر دەڕۆینە سەر کێشەکان و وتار و میدیاکان پڕ دەکەین لە بەکارهێنانی کۆمەڵە دەستەواژەیەکی وەک کوژرانی ئـافرەت و دەسـتدرێژیکردنە سـەری، لاوازیی بەرامـبەر پیـاو و هەوڵەکـانی بـۆ وەرگـرتنەوەی مافەکانی لە رەگەزی بەرامـبەر! ([https://www.basnews.com/so/babat/768788](https://www.basnews.com/so/babat/768788)) (کۆژیا ئاغاوەیس، ئافرەت وەک چەمکێک).

لەم دەقە وتـارەدا چەمـکی ئـافرەت بە روانـگەیەکی سیاسـیانە بەکارهـاتووە، لەگەڵ ئەوەشـدا هەڵگـری چەمـکی نەرێنیـانەی کۆمەڵگـایە، هەروەکچـۆن لە (١ج)دا چەق پرۆتۆتـایپی ژن بە ئەرێنـی دیـاریکرا، لێرەشـدا بە چەمـکی نەرێـنی "زەعـیفە، لاواز، بێدەسـتەڵات"، لە دونیابینیی کورددا رەگیـداکوتیوە، هەروەك لە دەربڕاوەکانی (ئـافرەت دامـاوە هـیچی پێناکرێـت./ سـەگ بە ئافرەت ناوەرێت.) بەرجەستەدەکرێت.

ب. بــوون بەپێغەمــبەر وا دەخوازێــت کەســەکە دەعــوە وبــانگەوازەکەی ئاشــکرا بکــات و روو بەرووی پیــاوان وئافرەتـانیش ببێـتەوە، ولەگەڵ خەڵکدا بەنهێـنی وئاشـکرا کـۆ ببێـتەوە، وهـاتن وچـوون لە هەمـوو بەشـەکانی زەویـدا، وروو بەروو بوونەوەی ئەوانەی بانگەوازەکە بەدرۆ دەزانـن ودژایەتی دەکەن، وئامـادەکردنی هـێز وسەرپەرشـتی کردنیـان، بێگومـان هەموو ئەمانە لەگەڵ بونیەی پیاواندا گونجاوە نەک ئافرەت. ([https://walamakan.com/3153](https://walamakan.com/3153)).(بۆچی هیچ یەکێک لە پێغەمبەران ئافرەت نەبوون؟)

لە (٢.ب)دا، چەق پرۆتۆتـایپی وشـەکە، لە هـێزی ئـافرەت بەرامـــبەر بە پیـــاو دیاریـــدەکرێت و چەق پرۆتۆتـــاییپیەکە روانـگەیەکی ئـاینی لەخۆدەگرێت، بەجۆرێك چەق پرۆتۆتـایپی (ئافرەت) لەڕوانگەیەکی ئاینییەوە، بێدەستەڵات و نەکردەو بۆ سەرتۆپیبوون لە بوارەکاندا قەدەغەکراوە.

**پ. ئـافرەت نوقسـانە ...چـونکە لە پەراسـویەکی خـوار دروســـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــت بـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــووە(**[https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=14117&paiwandidar=2](https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=14117&paiwandidar=2))

لە دەق (٢پ)یشـدا، نووسـەر لە روانـگەیەکی ئـاینییەوە، بە چەمکی لاوازیی رەگەزی مێینە بەکاریهێناوە، ئەگەرچی لە کۆی وتــارەکەدا، نووســەر راســتی ئەم دەقە دەخــاتەڕوو، بەڵام

پرسیارەکە ئەوەیە، کە بۆچی بەکارهێنانی وشەی (ئافرەت) لە ئاوەزمەندێتیی کورددا پتر لە بەکارهێنانی وشەی (ژن) بە پرۆتۆتایپی لاواز بەکارهاتووە، وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەرچی پەیوەستە بە زانستی زمانی کۆرپەسەوە **Corpus linguistics**، هێزی سیمانتیکیی وشەکەشمان بەبەراورد بەیەکدی بۆ بەرجەستەدەکات.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، هێزی واتای سیمانتیکی (ژن) هەمبەر بە (ئافرەت) بۆ گەیاندنی چەمکی ئەرێنیی کۆمەڵایەتیی و کەلتووری مێیینە زیاترە، بەپێچەوانەوە هێزی واتای چەمکی (ئافرەت) هەمبەر بە (ژن) بۆ گەیاندنی چەمکی نەرێنیی کۆمەڵایەتی زیاترە، ئەمەش بەو واتایە دێت، لاوازیی سیمانتیکی لە ئافرەتدا زووتر لە چەمکە بەهێزەکەی دەگاتە گوێگر، هەروەها چەمکی بەهێزییش لە (ژن)دا زووتر لە وشەی ئافرەت بە گوێگر دەگات، هەر بۆیە لە ئاوەزمەندێتیی کورددا ئافرەت لە دەربڕاوەکانی (ئافرەت پرچی درێژەو بیری کورت)، (ئافرەتە زەعیفەیە)، (ژن ژیانە)، (ژنە نەگاڵتە)، هەروەها ژن لە لێکسیمی (شێرەژن، کەڵەژن، شۆخەژن و ...هتد)، ژن لە دەستەواژەی (ژن و ماڵ)، (ژن و ژیان)دا، پەیوەست بەمەوە پێویستە پشت بە کۆرپەس ببەسترێت، تا بەهۆیەوە سەرجەم ئەو دەقانەی هەردوو وشەی ئافرەت و ژنی تێدا بەکارهاتوون شەنوکەوبکرێت، بەڵام بۆ ئەم توێژینەوەیە بە ناچاری پێویستە پشت بە چەند دەقێك ببەستین و مشتێك بکەینە نموونەی خەروارێك.

لە زمانی کوردیدا، بەپێی ئەو وشەو دەستەواژانەی بەشێکن لە ئاوەزمەندێتیی کورد، دەرخەری ئەوەن کە چەمکی (ژن) هەڵگری چەمکی هێزی واتاییە، بەبەراورد بە چەمکەکانی (ئافرەت، کچ، کیژ)، هەروەك لەسەر ئاستی لێکسیم؛ [شەکرەژن، شۆخەژن، شاژن، شۆڕەژن، ئاغاژن، کوێخاژن، مەلاژن، دووژنە، ژنهێنان، پیرەژن، باوەژن، ژنبەژن، بێوەژن، خاڵۆژن، مامۆژن، ژنبرا، ژنمارەکردن، ژنگواستنەوە، ژنومێرد، ژنوپیاو، ژنخواستن، فرەژنی، ژنمردوو، ژنتەڵاقدان، ژنتەڵاقدراو، ...هتد]، بووەتە چەقی دروستکردنی واتای لێکسیمەکە، هەمبەر بەمە ناتوانرێت وشەی (ئافرەت) وەك هاوواتای (ژن) ببێتە جێگرەوەی لێکسیمەکە، هەروەك لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

[شەکرەئافرەت*، شائافرەت*، شۆڕەئافرەت*، ئاغائافرەت*، کوێخائافرەت*، مەلائافرەت*، دووئافرەتە*، ئافرەتهێنان*، پیرەئافرەت*، باوەئافرەت*، ئافرەتبەئافرەت*، بێوەئافرەت*، خاڵۆئافرەت*، مامۆئافرەت*، ئافرەتبرا*، ئافرەتمارەکردن*، ئافرەتگواستنەوە*، ئافرەتومێرد*، ئافرەتوپیاو*، ئافرەتخواستن*، فرەئافرەتی*، ئافرەتمردوو*، ئافرەتتەڵاقدان*، ئافرەتتەڵاقدراو*].

لەسەر ئاستی دەستەواژەش هەروەك پەندو قسەی نەستەق دەوترێت [ژن نیوەی ئیمانە/ گا بۆ گا مردوو، ژن بۆ ژنمردوو/ ژن و ماڵیان وتووە/ دەڵێن کێ خزمەتە؟ دەڵێت ژنم نەهێناوە/ پیاوی دووژنە، جەرگی کونکونە/ تۆ ژن هاوردە نیت، ...هتد]، کەچی وشەی (ئافرەت) وەك جێگرەوەیەك لەم دەستەواژانەدا نابینرێت، لەگەڵئەوەشدا هەندێکجار چەمکی (ژن) بۆ واتاو مەبەستی ناشرینکردن و هەجوو/ جنێو و بەکەمسەیرکردن و نزمکردنەوەی پلەو پایەی چەمکی (مێینە) بەکاردەهێنرێت، وەک [ژنانی، سەرژنانی، پیرەژنی دۆڕاو، ژنهەڵگرتن، ژنهەڵگیراو و ...هتد)، بەهەمانشێوە واتای ئەم لێکسیمانە بە چەمکی (ئافرەت) دروستنەکراوە، لێرەدا و بەپێی ئەم نموونانە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە هێزی سیمانتیکی چەمکی ژن کاریگەریی لەسەر بە بەبڕشتی ئەو لێکسیمانە هەبێت، جا چ بەشێوەی ئەرێنی، یاخود نەرێنی بێت، بەمپێیە چەمکی ژن لە ئاوەزمەندی و دونیابینی و پەیبردن و درککردنی زمانی کوردیدا لەڕووی واتای سیمانتیکییەوە بە بەراورد بە چەمکی ئافرەت بەهێزترە.

## ٢/٢-٢ هێزی واتای سیمانتیکی وشە بەپێی خێزانە لێکچووەکان

لێکچوونی خێزانیی، بیرۆکەیەکی فەلسەفییە، وەك ئاماژەی بۆ کرا، کە بۆ ویتگنشتاین دەگەڕێتەوە، پێیوایە ئەو شتانەی کە دەتوانرێت وا بیربکرێتەوە بە یەک تایبەتمەندیی هاوبەشی جەوهەری بەیەکەوە گرێدراون، لەڕاستیدا دەشێت بە زنجیرەیەک لێکچوون نەك هاوبەشێتی بەیەکەوە بەسترابێتنەوە، بەو واتایەی؛ هیچ تایبەتمەندییەک لەگەڵ هەموو شتەکاندا هاوبەش نییە، هەروەك ناوبراو لەسەر چەمکی (یاری) و (ژمارە) لێکچوونی خێزانیی، خستووەتەڕوو، بەجۆرێك لە دیاریکردنی یاری و ژمارەکاندا، پێیوایە، وەك پۆلی کەتیگۆرییەك سنووریکی روونوئاشکرا لەنێوانیاندا نییە، بۆ نموونە لە پۆلێنی (یاری)دا، هەروەك (یاری تەختە، یاری تۆپ، یاری ئەڵقە) دەکرێت بزانرێت چۆن لێکچوونەکان سەرهەڵدەدەن و وردەوردە سنوورەکان نامێنن، ئەنجامی ئەم پشکنینە ئەوەیە تۆڕێکی ئاڵۆزی لێکچوونەکان یەکتردەبڕن، بەجۆرێك هەندێکجار لێکچوونە گشتییەکان پۆلی یارییەکە پێکدەهێنن، بەهەمانشێوە جۆرەکانی ژمارە خێزانێک پێکدەهێنن، لێرەدا ئەو پرسیارە رۆڵدەبینێت، کە بۆچی بە شتێک دەڵێین "ژمارە"؟ رەنگە لەبەرئەوە بێت، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چەند شتێکدا هەیە، کە تا ئێستا بە ژمارە ناودەبرێت.

بەکارهێنانی وشە، بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن، هەڵگری کۆزانیاریی زمانی و ئینسیکلۆپیدیاییە، ئەم کۆزانینانە چەمکی

وشەکە پێکدەهێنن، کە بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ ئەم چەمکانە پەیوەست بە وشە هاوواتاکانەوە، هێزی وشەکە لە خێزانە لێکچووەکەیدا دەخاتەڕوو، بۆ ئەمەش دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بۆچوونەی، کە هەڵگرتنی کۆزانیارییەکان لە تەواوی نموونەکاندا و نزیکبوونەوەی نموونەکان بە پاراستنی زانیاری دەربارەی نموونە ڕاستەقینەکان دەبەستێتەوە، بۆ ئەمەش پشت بە هێزی واتای هەردوو وشەی (پیاو، مرۆڤ) لە دەق کوردیدا دەبەستین، سەرەتا و بەر لە لێکدانەوەی نموونەکان، پێویستە ئەو مەودایە بەرجەستەبکەین، کە خێزانی لێکچوونی مرۆڤ پاشان چەمکی وشەی (پیاو) بەرهەمدەهێنێت.

ئەو مەودایانەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بەجۆرێك لە جۆرەکان بەستەریان لەگەڵ چەمکی (مرۆڤ)دا هەیە، پۆلێنبەندییەکی پرۆتۆتایپی بەپێی ئاوەزمەندی و دونیابینی و پەیپێبردنی قسەکەر لەخۆدەگرێت، کە لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی خەسڵەتی لێکچوو، خێزانێك پێکدەهێنێت، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات بە ئاماژەدان بە ئاستی سەرەکی و پاشکەوتوو، پلەبەندی بۆ پرۆتۆتایپی چەمکی وشەکە بکات و بەهۆیەوە هێزی وشەکە لەڕووی سیمانتیکییەوە هەڵبهێنجێت.

چەمکی مرۆڤ خێزانێکی لێکچوو پەیوەست بە (جۆرەکانی مرۆڤ، جیهان) دروستدەکات، مەبەست لە جیهان ئەو دەوروبەرەیە، کە مرۆڤ ئەزموونە جەستەیی و فیکری و سۆزییەکانی لێوەردەگرێت، بەمپێیە چەمکی پرۆتۆتایپی مرۆڤ و پیاو ڕەنگدانەوەی ئەو دونیابینییەیە، کە لە دەوروبەرەکەیەوە هەڵیهێنجاوە، بۆ نموونە مرۆڤی کورد، لە ئەنجامی ئەزموونەکانییەوە دەربڕاوی (٢) کۆددەکات:

**٢. أ. کەمێك پیاو بە.**

**ب. کەمێك مرۆڤ بە.**

چەق پرۆتۆتایپی (مرۆڤ)، هەر بوونەوەرێکە، کە لەڕووی جەستەییەوە مرۆڤ بێت، هەروەك (مەلۆتکە، کۆرپە، منداڵ، پیر، گەنج، کوڕ، کچ، دوورەگ، شێت، مەنگۆل، کورتەباڵا)، بەگشتی چەق پرۆتۆتایپی مرۆڤ شێوەی گشتی جەستەی مرۆڤە، پاشان بەپێی (عقل و ژیری، غیرەت، ڕەفتار)، هەم چەق و هەم پلەبەندیی ئەندامێتیی پرۆتۆتایپەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە دەربڕاوی (٢ب)دا چەمکی پرۆتۆتایپی مرۆڤ، (مەردێتی)یە، واتە لە ئاوەزی وەرگردا، غیرەت و ڕەفتار بەر لە هاتنەبیری شێوەو جەستەی مرۆڤە.

لێرەدا لێکچوونی خێزانی چەمکی مرۆڤ هەموو ئەو مەودایانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە، هەروەك (ژینگە، سروشت، شوێن، کات، پەیوەندی، هەستەکان، ژیری، باشی، خراپی، ئازایەتی، ترسنۆکی و...هتد)، لێرەدا ئەو پرسیارە دروستدەبێت، کە ئاخۆ دەکرێت ئاستی سەرەکی و شوێنکەوتە لە چەمکی مرۆڤدا دیاریبکرێت، ئاستی سەرەکی لە مرۆڤدا بەو خەسڵەتە سەرەکیانە دیاریدەکەین، کە پێویستە لە مرۆڤدا هەبێت، هەروەك (جەستە، ڕوح)، سەرجەم ئەو مەودایانەی دەوروبەری مرۆڤ، کە کاریگەریی کەسی لەسەر مرۆڤ دروستدەکات، بە شوێنکەوتە لە قەڵەم دەدەین، دواتریش دەیکەینە بنەما، بۆئەوەی چەق پرۆتۆتایپی وشەی (پیاو) دیاریبکەین، کە بەشێکە لە پرۆتۆتایپی (مرۆڤ).

چەق پرۆتۆتایپی (پیاو)، بەپێی تێڕوانینی کەلتوورییانەی مرۆڤی کورد، "مەردێتی"یە، ئەم تێڕوانینە وەهادەکات هێزی سیمانتیکی پیاو لە هێزی سیمانتیکی مرۆڤ زیاتر بێت، بۆیە گەر مرۆڤ بە واتای "مەردێتی" بەکاربهێنرێت، کاریگەرییەکەی بۆ سەر وەرگر کەمترە، بۆ نموونە بڕوانە هێزی واتای سیمانتیکی مرۆڤ لە( ٣)دا:

٣. مرۆڤ لە کاتی جەنگدا هەڵدێت و وڵات بەجێدێڵێت، هەندێکی تر بە ترسنۆک ناوی دەبەن، چونکە ئامادە نەبووە بجەنگێت و بەرگریی لە نیشتیمانەکەی بکات، بەڵام دیسانەوە ڕاکردن و بەرگریکردن دوو هەڵبژاردەی ئازادیین، مرۆڤ لە ئازادییدا بڕیاردەدات. هەمانکاتیش چ بەرگرییکردن و چ ڕاکردنیش بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، کە وەک میکانیزمی بەرگرییکردن لە خود بەکاردێت. [(https://www.basnews.com/so/babat/429740).](https://www.basnews.com/so/babat/429740) ([یۆلا](https://www.basnews.com/so/babat/429740) سەعید، **مرۆڤ بوونەوەرێکی باش، بوونەوەرێکی خراپ**).

بەکارهێنانی چەمکی (مرۆڤ) لە دەق (٣)دا، لەوەدا کەلێنی واتایی دروستدەکات، کە جیاوازی لەنێوان ڕەگەزو تەمەندا ناکات، بەو واتایەی؛ هەرکەس لە جەنگدا ڕابکات ئەو وێنایەی بۆ دەکرێت، کە ترسنۆکە، لەکاتێکدا ڕاکردنی منداڵ، پیر، تارادەیەك ڕەگەزی مێ، بەپێی کۆمەڵگاکان خوێندنەوەی ترسنۆکی بۆ ناکرێت، بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە چێدەبێت، کە ئایا چەمکی (مرۆڤ) وابەستەیە بە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (غیرەت، مەردێتی، ئازایەتی، نەبەردی، بوێری)، یاخود پەیوەستە بە خەسڵەتە سایکۆلۆجییەکان، لە هەمبەردا چەمکی (پیاو) هەڵگری خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (غیرەت، مەردێتی، ئازایەتی، نەبەردی، بوێری)، یان تەنها هەڵگری خەسڵەتە سایکۆلۆجییەکانە؟ ئەمەش ئەو پرسیارە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئایا ڕاکردن یان بەرگریکردنی (پیاو) دوو بژاردەی ئازادین، یان مرۆڤ، ئایا پیاو بە چەمکە کەلتوورییەکەی، ئەم دوو بژاردەیەی پێدەدرێت، سەرجەم ئەم پرسیارانە، بەپێی خێزانە لێکچووەکانی چەمکی (پیاو)، کە لەڕووی سیمانتیکییەوە بەهێزترە لە چەمکی (مرۆڤ) سەرچاوەدەگرێت.

بەپێی دیدی ویتگنشتاین، ئەو شتانەی لە دونیادا چەمکێك دەیانگرێتەوە، تۆڕێکی ئاڵۆز لە لێکچوونی هەم گشتگیرانە و هەم

نزیك وردو ئاشکرا دروستدەکەن (Taylor, J.R :1995: 38-40)، گەر لەم ڕوانـگەیەوە لە چەمـکی مـرۆڤ بـڕوانین، ئەوا هەریەك لە چەمـکی (نـێرومێ، کـوڕپە، منـداڵ، مێردمنـداڵ، هەرزەکار، لاو، گەنج، کامڵ، بەتەمەن، بەساڵاچوو، پەککەوتە، ژن، ئافرەت، پیاو، کوڕ، دووڕەگ، کچ، کیژ ) دەگرێتەوە، بەپێی تێڕوانین و دیدگەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی، چەمکی هەریەك لەوانەی ئامـاژەی بـۆ کـراوە، هەڵگری درکپێکـردنێکی جیـاواز لەوەی دیکەیە، گەرچی مرۆڤ هاوواتای هەریەك لەوانەیە کە نـاوهێنراوە، بەڵام ئەوەی کە دەچێـتە ژێـر چەمـکی مـرۆڤەوە و دەبێتە هاوواتای، تەنها چەمکی (پیاو)ە، لەگەڵئەوەشدا بەپێی بەکارهێنانی کەلتوورییانەی چەمکی پیاو نابێتە هاوواتای چەمکی مـرۆڤ، هەرئەمەش وایکـردووە چەمـکی مـرۆڤ نەبێـتە چەق پرۆتۆتایـپ، هەربـۆیە لە لێکسـیمەکانی ( پیـاوبوون، پیـاوێتی، پیـاوانە، پیاوسـالاری، بۆرەپیـاو، پیـاوکوژ)، وشـەی مـرۆڤ ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە.

### ٣-٢/٢ هـێزی واتـای سـیمانتیکی بەپـێی پلەبەنـدیی ئەندامەکان

پلەبەنـــدیی ئەنـــدامەکان، لەنێـــوان چەق و پەراوێـــزدا دیاریـــدەکرێت، هەروەهـا لەنێـو خەسـڵەتە لێکچووەکانـدا پلەبەنـدیی ئەنـدامەکان دیاریـدەکرێت، بـۆ نمـوونە چەق پرۆتۆتـایپی مـرۆڤ بەپێی کەلتووری کـورد چەمکی(پیاو)ە نەك (ژن)، بەڵکو چەمکی ژن دەبێتە ئەندامی پرۆتۆتایپی مرۆڤ.

دونیـابینیی تـاك و ئەو پێشـینە کـۆزانینەی، هەیەتی لەلایەك، پێشنەی کۆزانینی هاوبەشی کۆمەڵگا لەلایەکی دیکە، پلەبەندیی ئەنـدامەکان دەگۆڕێـت، بـۆ نمـوونە گەر هەریەك لە دەق و دەربڕاوەکانی (١، ٢، ٣) بکەینە پێوەری ئەندامبوونی چەمکی (مرۆڤ، پیاو، ژن)[5]، ئەوا دەبینرێت، بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردی بۆ چەمکی (مەردێتی، بوێری، عاقڵی) پیاو دەبێتە چەق و (مـرۆڤ و ژن) ئەنـدامن، بەڵام هەریەك لە (منـداڵ، کـچ،) ئەندامێکی پەراوێزین، ئەمەش ئەوەمان لابەرجەستەدەکات، کە ئەنـــدامەکان پـــێگەیەکی یەکســـانیان نیـــیە، بەڵکـــو لە نموونەیبترینە، یان باشترینەوە بۆ لاوازترین دیاریدەکرێت.

چەق پرۆتۆتایـــپ، باشـــترین چەمـــکی پرۆتۆتـــایپی پـــۆلە چەمـکەکەیە، بـۆ نمـوونە چەمـکی پیـاو کە چەق پرۆتۆتـایپی مـرۆڤە، باشـترینی پـۆلی مـرۆڤە، کە ئەمەش بەپـێی تێڕوانیـنی کەلتووریـانەی کۆمەڵگـای کـوردی دیاریـدەکرێت، بەمێـیە ئەنـدامی پرۆتۆتاپییەکـان لە باشـترین نمـوونەوە بـۆ لاوازتـرین نمـــوونە دەســـتپێدەکەن، لەمەشـــدا باشـــترین و لاوازتـــرین ئاماژەبۆکراو دەناسێنرێت.

پەیوەسـت بە شـیکارکردنی چەمکە هاوواتاکانەوە، سێدلاکۆڤا Sedláková (٢٠٠٤) بنەمـــای چەمـــکی بەکارهێنـــاوە، کە بەگشـتی بەهۆی خەسڵەتە پرۆتۆتاپییەکانی چەمکی پۆلێکەوە دیاریـــدەکرێت و باشـــترین نمـــوونەش ئەزموونگەرییـــانە لە پۆلەکەدا وەك باشترین ئەندام شوێندەگرێت (فەرهاد تۆفیق حەسـەن: ٢٠١٥: ٥٦)، هەروەک لە پۆلێنبەنـدیی نموونەکانـدا وشەی پیاو باشترین پرۆتۆتاپی مەردێتییە هەمبەر بە چەمکی مرۆڤ و ژن.

### ئەنجام:

لەم تـوێژینەوەدا، ڕاڤەکـردنی نموونەکـان، کە بەپـێی ڕێبـازی درکپێکردن و بە کەرەستەی شێوەزاری سلێمانی شیکراوەتەوە، سێ ئەنجامی لێ گریمانەدەکرێت:

١. بەپێی تیـۆری پرۆتۆتایـپ، چەق پرۆتۆتـایپی وشـەیەك پـتر هەڵگـری هـێزی سـیمانتیکییە، لە ئەنـدامە پلەبەنـدییەکانی دیکەی، بەتایبەت ئەندامی پەراوێزی.

٢. چەمکی ئەندامی پەراوێزی، لێڵ و ناڕوونە، بۆیە بەکارهێنانی بـۆ کایەی سـیمانتیکی، وەرگـر دووچـاری کێشـەی تێگەیشـتن دەکات، بەمەش بیرو واتاو مەبەست و نیازمەندی قسەکەر/ نووسەر بە وەرگر ناگات، بەڵام بە مەبەستی پراگماتیکی، هێزی واتای پراگماتیکی زیاترە.

٣. زمانەوانەکـان سـەبارەت بە وشـە هاوواتاکـان، بانگەشـەی ئەوە دەکەن کە هاوواتـای تەواو لە زمانـدا دەگـمەنە، بەپـێی تیـۆری پرۆتۆتایـپ، دەگـمەنی وشـە هاوواتاکـان بـۆ خـێزانە لێکچووەکـان و پلەبەنـدیی ئەنـدامێتیی چەمـکی وشـەکان دەگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بە درککردن و ئەزموونی قسەکەر لەگەڵ شتەکانی دونیادا.

### لیستی سەرچاوەکان:


1. ڕێبـوار ئەحـمەد نەبی، (٢٠١٥)، پەیپێبردنی شـاوەچە لە سـیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سـۆران، سـۆران، سەرپەرشـتیار (پ.ی.د. کـاروان عومـەر قـادر) بڵاونەکراوە.
2. فەرهـاد تۆفیـق حەسـەن، (٢٠١٥)، زمـان لە ڕیکلامی کوردیدا، نـامەی دکتـۆرا، سـکوڵی زمـان، فـاکەڵتی زانسـتەمرۆڤایەتییەکان، زانکـۆی سلێمانی، سەرپەرشت (پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر) بڵاونەکراوە.
3. مـحەمەدی مەحـوی، (٢٠٠٩)، زانسـتی هێمـا – هێمـا، واتـا و واتالێکدانەوە، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی دووهەم، سلێمانی.
4. نەریمـان حەسـەن حەمەکەریم، (٢٠١٥)، دروسـتەی سـیتانتیک لە زمـانی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، سـکوڵی زمـان/ فـاکەڵتی زانسـتە مرۆڤایەتییەکـان، زانکـۆی سـلێمانی، سەرپەرشـتیار(پ.ی.مەحمود فەتحوڵا ئەحمەد) بڵاونەکراوە.


5. هەرچەندە لە زمانی کوردیدا ئەم وشانەش (کاک، خان، خانم، خاتوون، دادە)مان هەیە و فێچەری واتایی (+ نێر، + مێ، هەراش) دەیانگرێتەوە، بەڵام ئەم وشانە زیاتر وەک (نازناو، ناسک و نازداری، ئامرازی بانگکردن، ڕێزگرتن) بەکاردەهێنرێن، هەروەها ئەوەی کە جێی مەبەست بوو بۆ ئەم توێژینەوەیە چەمکی(ئافرەت، ژن، پیاو)ە.

5. ديريك جيرارتس (٢٠١٣)، نظريات علم الدلالة المعجمي، ت: فريق الترجمة من جامعة الاميرة نورة بنت عبدالرحمن، الاكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي، القاهرة، مصر.
6. عادل محەمەدی، (2023)، تێگەیشتنی هەڵە لە زمان، سوئد : چاپەمەنی، (49books).
7. كورش صفوی، (1379)، درآمدی بر معناشناسی، تهران، پژوهشگاه فرهنگ و هنر اسلامی.
8. كورش صفوی، (1383)، درآمدی بر معنی‌شناسی. تهران: انتشارات پژوهشگاه فرهنگ و هنر اسلامی.
9. محمد راسخ مهند، (1393)، درآمدی بر زبان‌شناسی شناختی: نظریه ها و مفاهیم. ویراست دوم. تهران: سمت.
10. Auwera, J. V. D and Gast, V. (2011), Categories and prototypes. In Song (Ed.) The Oxford Handbook of Linguistic Typology.131-147.Oxford/New York: Oxford University Press.
11. Chapman, S. (2011), Pragmatics. London: Palgrave Macmillan.
12. Croft, W. (1990), Typology and universals. Cambridge: Cambridge University Press.
13. Dirven, R. & Verspoor, M. (2004), Cognitive Exploration of Language and Linguistics. Amsterdam/ Philadelphia: John Benjamins Publishing Company.
14. Evans, V. (2007), A Glossary of Cognitive Linguistics. Edinburgh: Edinburgh University Press.
15. Evans, V. and Green, M (2006), Cognitive Linguistics. Edinburgh: Edinburgh University Press, p: 255-545 .
16. Geeraerts, D. (1997), Diachronic prototype semantics: A contribution to historical lexicology. Oxford: Clarendon Press.
17. Givón, T. (1987), “Prototypes: Between Plato and Wittgenstein”. In: Colette G. Craig (ed.), Noun classes and categorizations) 1), 77-102: John Benjamins Publishing Company.
18. Givón, T. (1995), Functionalism and Grammar, Amesterdam: John Benjamins.
19. Hemavand, Z. (2011), Morphology in English, Word formation Cognitive Grammar. New York: Continuum International Groups.
20. Johnson, M. (1987), The Bodily Basis of Meaning, Imagination, and Reason, Chicago: university of Chicago press.
21. Kövecses, Z. (2006), Language, Mind, and Culture. Oxford: Oxford University Press.
22. Labov, W. (1973), The boundaries of words and their meanings. In: Bailey, C.-J.N., Shuy, R.W. (Eds.), New Ways of Analyzing Variation in English. Georgetown University Press, Washington, pp. 340–373.
23. Lakoff، G. W. (1987), Fire and Dangerous Things: What Categories Reveal about Min. Chicago: Chicago University Press, 1987.
24. Langacker, R.W. (1987), Foundations of Cognitive Grammar. Vol.I. Stanford, CA: Stanford University Press .
25. Löbner, S. (2002), Understanding Semantics, ARNOLD a member of the Hodder Group, London.
26. Löbner, S. (2013), Understanding Semantics, London: Routledge.
27. Rosch, E. & Carolyn B. Mervis.(1975), Family resemblances: Studies in the internal structure of categories. Cognitive Psychology 7.4, 1975, pp. 573-605.
28. Rosch, E. (1977), “Classification of Real-World Objects:Origins and Representations in Cognition”. In P. N. Johnson-Laird, & W. P.C. Thinking. Readings in Cognitive Science. Cambridge: University Press. 212–222.
29. Taylor, J. R. (1995), Linguistic Categorization, Prototypes in Linguistic Theory. Oxford: Oxford University Press,p:40-197. 15-.
30. Taylor, J. R. (2003), Cognitive Grammar. Oxford: Oxford University Press.
31. Wittgenstein, L. (1958), Philosophische Untersuchungen, Trans.G. E. M. Anscombe as Philosophical Investigation. Harlow, London: Prentice Hall.
32. Yule, G. (2000), Pragmatics. New York: Cambridge University Press.
33. Zohuri, Bahman & McDaniel, Patrick, (2022),Transcranial Magnetic and Electrical Brain Stimulation for Neurological Disorders, Available online 26 August 2022, Version of Record 26 August 2022, Pages 317-334, https://doi.org/10.1016/C2021-0-03032-7
34. https://walamakan.com/3153
35. https://www.awene.com/article?no=222&auther=141
36. https://www.basnews.com/so/babat/429740
37. https://www.basnews.com/so/babat/768788
38. https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=14117&paiwandidar=2
39. https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=162310&babet=15&relat=7512